



# سیٚمیٚل پیٚویستی به نه‌خ

* تۆڕی ئاویخواردنه‌وه کۆنه‌و پیٚویستی به‌نویٚکردنه‌وه هه‌یه
* ریٚگای کۆمه‌ڵگا و گونده‌کان زۆر خراپ و بیٚسه‌روبه‌ره
* هاووڵاتیانی کۆمه‌ڵگاکانی سیٚمیٚل داوای تاپۆکردنی خانووه‌کانیان ده‌که‌ن







# ـــــۆشخانە و ئاوەڕۆ هەیە

سێمێل ناحیەکانی فایدەو باتێل و ٦ شارەوانی دیکەی وەکو میسریك و تەناهی و ١٥٧ گوندو ١٥ کۆمەڵگا لەخۆدەگرێت، ڕووبەری قەزای سێمێل ١٠٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشەیە و بە ناوچەیەکی کشتوکاڵی دادەنرێت، لە قەزای سێمێل ژمارەی دانیشتوانەکەی زیاتر لە١٦٠هەزار کەسەو (٢٤٠٠) خێزانی ئاوارەی شـــارەکانی عێراق و کوردی باکوور و کوردی ڕۆژئاواش هەیە واتە بە هەرســێ جۆرە ئاوارەکانەوە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە ئاوارە لە قەزای ســێمێل و ســنوورەکەی هەیە کە ئەمانەش هەر هەموویان پێویستیان بە خزمەتگوزاری هەیە، لەسەردانێکی تیمی گۆڤاری گوڵان بۆ ناو سەنتەری قەزاکەو کۆمەڵگای مسیریك و میرینێ ژمارەیەك هاووڵاتیانمان دواند کە لەبواری کەموکوڕی خزمەتگوزاری و ئەولەویەتی کارو پڕۆژەی پێویست بۆ گەڕەکەکانیان داواکاری خۆیان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبوو، کە لەدووتوێی ئەم ڕاپۆرتە بڵاوی دەکەینەوە.



## کەموکوڕی لە خزمەتگوزاریدا هەیە

لەناو سەنتەری سیمێڵ چەند هاوڵاتیەکمان دواند، هاووڵاتی ئەدیب رەمەزان لە گەڕەکی گوڵان سەبارەت بەخراپی کوڵان و کۆنی تۆڕی ئاویخواردنەوە وتی:( لە سیمێل گرفتی خزمەتگوزاریمان هەیە، زۆربەی ئەو گەڕەکانەی نوێن شەقامەکانی قیرتاوو کۆنکرێت نەکراون، تەنانەت زۆر ڕێگای کۆنیش هەیە تێکچوون و پێویستیان بەچاککردنەوە هەیە، بەڵام کۆنی تۆڕی ئاویخواردنەوەی قەزاکەمان بەگرفتی سەرەکیمان دادەنرێت چونکە پێوەندی بەتەندروستیمانەوە هەیە، هەربۆیە پێویستی بەچارەسەرکردنی خێرا هەیە، چونکە لە زۆربەی گەڕەکەکان لەبەر کۆنی تۆڕی ئاویخواردنەوە بۆریەکانمان ناوبەناو دەشکێت یا تێکەڵ بەئاوی پیس دەبێت). هەر سەبارەت بەبێسەروبەری شەقامەکان هاووڵاتی سلێمان کەریم لە گەڕەکی گەلاڤێژ وتی: (کۆڵان و شەقامەکانمان خراپ و بێسەروبەرە لە وەرزی زستان زۆر بە زەحمەت منداڵەکانمان دەچن بۆ قوتابخانە). ئەم هاووڵاتیە ئاماژەی بەگرفتێکی تریش کرد ئەویش نەبوونی ئاوەڕۆیەو گلەیی لەبەرنامەو کاری شارەوانی کرد بەوەی کۆڵان و شەقام ڕێك دەخەن و قیرتاوی دەکەن کەچی ئاوەڕۆی نییە بۆیە ئەم هاووڵاتیە پرسیار دەکات و دەڵێت :( چۆن دەبێت گەڕەکێك ئاوەڕۆی نەبێت بێن قیرتاو یا کۆنکرێتی بکەن؟). لەلایەکی تر سنوورەکە بەگشتی و چەند گەڕەکێکی سەنتەری قەزاکە وەکو گەلاڤێژ و گوڵان و زۆزان و ڕوناهی و کۆمەڵگاکانی وەکو مسیریك و میرینێ و کەموکوڕی خزمەتگوزاریان زۆرە بە تایبەتی شەقام و کۆڵانەکانیان قیرتاو و کۆنکرێت نەکراوەو ئاوەڕۆیان نییە.

سەبارەت بەکەموکوڕی بواری پەروەردەش رەسول محەمەد وتی: (لەبەر ئەوەی ئێستاکە قوتابخانەکانمان بەشی زۆریان سێ دەوامین و پۆلەکانی خوێندنیش قەرەباڵغە، هەربۆیە ئاستی خوێندنی منداڵەکانمان زۆر باش نین و پێویستیمان بەبینایەی قوتابخانەی نوێ هەیە)، هەر سەبارەت بەکەرتی پەروەردە ژمارەیەك لەقوتابی پێیان راگەیاندین کەوا زۆربەی قوتابخانەکانیان کۆنن و خزمەتگوزاریەکانی WCو گۆڕەپان و باخچەی وێرانە، لەناو پۆلەکانیشدا ژمارەی قوتابیەکان زۆرن. لەبواری کەرتی تەندروستیش گلەیی و رەخنەیەکی زۆر هەبوو دژوار ئەحمەد لە کۆمەڵگای مسیریکی وتی: (نەخۆشخانەمان خراپە و پشکنینەکانی نییە و داودەرمانی زۆر کەمە، تەنانەت بۆ هەندێك نەشتەرگەری لەبەر نەبوونی پزیشکی پسپۆر کە لەبنکە تەندروستیەکەی سێمێل تەنیا یەك پزیشك و چەند کارمەندێکی تەندروستی کەمی لێیە بۆیە ناچار دەبین بۆ پشکنین و چارەسەر بچینە لای پزیشکی تایبەت یا سەردانی نەخۆشخانەکانی دهۆك بکەین. لەلایەکی ترەوە شەقامی سەرەکی مسیریکێ تێکچووە بۆیە پێویستی بە چاککردن هەیە)، هەر سەبارەت بەکەرتی تەندروستی سالح محەمەد لە گەڕەکی کۆچەرێ وتی: زۆربەی خەڵکی سێمێل گلەیی گرانی نرخی نۆرینگەی پزیشکان و داودەرمان و پشکنینەکانیان هەیە و بەپێی پێویستیش پزیشکی شارەزاو پسپۆڕ لەم قەزایەدا نۆرینگەیان نەکردۆتەوە، لەلایەکی تر بازاڕ و دوکاندارەکان گرانیان خستۆتەوە و بە ئارەزووی خۆیان نرخ دادەنێن. هەر لە کۆمەڵگای مسیریکێ عەبدوڵڵا حاجی وتی: (کێشەی تاپۆکردنی خانوو لە زۆربەی سنوورەکە بەتایبەتی لە کۆمەڵگاکان هەیە، هەر بۆیە زۆر پێویستە خانووەکانمان تاپۆ بکرێن، هاوکات گلەیمان لە گرانی نرخی کارەبای حکومی هەیە جگە لەوەی هەندێ جار نرخەکەش بە هەڵەو زیادەوە بۆمان دێتەوە کە لەمەشدا دەبێت سەردانی فەرمانگەی کارەبا بکەین و چەند ڕۆژێك خەریك بین تا هەڵەکە دەدۆزنەوەو بۆمانی ڕاست دەکەنەوە). سەربەست ئیبراهیم سەبارەت بە گرفتی زبڵ و خاشاك و نەبوونی حاویە وتی:( لە هەندێ کۆڵان و گەڕەکدا هاووڵاتیان حاویەی زبڵوخاشاکیان نییە و زبڵەکانیان لەکۆڵانەکان فڕێدەدەن و زۆر جاریش خەڵکەکە ئەو زبڵوخاشاکانە دەسووتێنن و دوکەڵێکی زۆر پیس لە خەڵك و کۆڵانەکان بەردەدەن.)، سەبارەت بەداواکاریی لاوان هاوڵاتی شیروان سالح وتی: من بە گرێبەست لەم باخچەیە پاسەوانم و گلەیی و گازاندەی ئەوەم هەیە کە حکومەتی هەرێم بۆچی ئێمە ناکاتە کارمەندی هەمیشەیی، چونکە ئێستا دوارۆژی کارەکەم زامن نییە . هەربۆیە گەنج بەگشتی لەم قەزایەو ناحیەکانی دا گرفتی دۆزینەوەی هەلی کاری هەمیشەییان هەیە، هەربۆیە ژمارەیەکی زۆری گەنجان بەتایبەتی ئەوانەی خاوەن بڕوانامە نین بێکارن. هاوکات برادەرەکەی باسی لەکەمی سەنتەرو شوێنی گشتی پشوودانی لاوان کردوو وتی: (لاوانی قەزاکەو ناحیەکانیش گرفتی نەبوونی سەنتەرێکی رۆشنبیری و هونەری و وەرزشیان هەیە، لاوان لەم قەزایە سەنتەرێکیان نییە کە تێیدا مومارەسەی بەهرەو ژیان و ئارەزووەکانی خۆیان بکەن، هەروەها سێمێل بەرفرەوان بووە کەچی کەمترین باخچەو پارکی تێدایە، هەر چەندە پارکێکی گەورە لە ناو قەزاکە هەیە و یاری منداڵانیشی تێدایە، بەڵام زۆربەی جار داخراوە). دیاردەیەکی تر لەناو سەنتەری سێمێل بوونی هەیە ئەویش بەخێوکردنی مەڕومالاتە لەمبارەیەوە لەگەڕەکی فراشین محەمەد تاهیر وتی: لە ناو سەنتەری قەزاکە مەڕومالات بەخێو دەکرێت و ماوەیەکە لە نزیك گەڕەك و کۆڵانەکەی ئێمە شوێنیان بۆ بەخێوکردن مەڕومالات درووستکردووە، ئێمەش لێرە لەو بۆن و پیسیە بێزاربووین، پێویستە حکومەت لە دوور شوێنیان بۆ درووست بکات. سەبارەت بەبارودۆخی گوندەکانیش ئەم هاووڵاتیە وتی : گوندەکانمان زۆر کەموکوڕیان هەیە بە تایبەتی لە نەبوونی بنکەی تەندرووستی و خراپی و کۆنی قوتابخانەکانیان و کەمی ئاویخواردنەوە کە پێویستە حکومەتی کوردستان پشتگیری گوندنشین و جوتیاران بکات.



قایمقامی قەزای سێمێل بۆ (گوڵان) :

# زۆربەی پرۆژە گەورەکانی دهۆک کەوتوونەتە سنوورەکەمانەوە، بۆیە دەبێت زیاتر بودجەمان بۆ تەرخان بکرێت



بۆ بەدواداچوونی رەخنەو داواکاری خەڵکی سـێمێل چەند پرسـیارێکمان رووبەرووی مازن محەمەد سـەعید قایمقامی قەزای سێمێل کردەوە کە ناوبراو هاوڕا بوو لەگەڵ داواکاری هاووڵاتیان بەوەی گەرچی بەپێی پێویسـت و ئەو ئیمکاناتەی هەیە چەندین پـرۆژەو کاری باش ئەنجامـدراوە، بەڵام قەزاکەیان لەمە زیاتر پێویستیان بەپرۆژەی خزمەتگوزاری هەیە؛ پوختەی وەڵامەکانی لێرەدا دەخەینەڕوو.

### دهۆك و سێمێل یەك ماستەرپلانی هەیە

سـەبارەت بـە نزیکبوونەوەی سـێمێل بە

**لە ٢٠١٢نەخۆشخانەیەکی گەورە بۆ قەزای سێمێل پەسندکرا و زەویش لە سنووری شارەوانی تەناهی بۆ دابینکراوە**

سـنووری شـارەوانی دهۆك و کێشـەی کوژاندنەوەی زەوی قایمقامی قەزای سێمێل وتی: ماسـتەرپلانی شاری دهۆك و سێمێل یەك ماسـتەرپلانە و تەواوبـووە، بەپێی ئەو ماستەرپلانە زۆربەی پرۆژەکانی وەبەرهێنان و ناوچەی پیشەسـازی و چەندین پرۆژەی تـری گرنـگ و سـتراتیژی و ئابووری دهۆك کەوتۆتە سـنووری قەزای سـێمێل و ناحیەی فایـدی و دۆمیزەوە، حکومەت بەپێی پێویسـتی خۆی و کارو پرۆژەکانی پرۆسـەی کوژاندنەوەی زەوی ئەنجام داوەو بەردەوامیش دەبێت لە کوژاندنەوەی زەوی بۆ سنووری شارەوانی و بەرفرەوانبوون شار. لە کوژاندنەوەی زەوی کێشـە و گرفت لە نێوان حکومەت و خـاوەن زەوییەکان نییە، چونکە حکومـەت و لایەنی بەرپرسـی تـر خاوەن زەوییەکان و جوتیاران بەپێی یاساو ڕێنمایی قەرەبوو دەکەنەوە، بەڵام کێشە لەنێوان خاوەن زەوی و مەلاکـەکان خۆیان هەیە . هەروەها ئـەو فرۆکەخانـە کە بڕیارە لە سـنووری دهۆکی درووست بکرێت دەکەوێتە سنووری قەزای سێمێل، بۆ ئەو مەبەستەش نزیکەی ٥٠هەزار دۆنم زەوی تەرخانکراوە و خاوەنی ئەو زەوییە بەرفرەوانەش چ جوتیار چ مەلاك هـەر یەکەی بـە پێی یاسـاو ڕێنمایی و مافی خۆیان قەرەبوو دەکرێنەوە، بەڵام کۆنە سەربازگەیەك لەوێ هەبوو کە خەڵکی ئاوارە تێیدا نیشـتەجێبوون و ئەو ماڵ و خێزانانەش لەنێوان ٣٥٠تا ٤٠٠سەر خێزانن و هەر یەکەی بە پارچە زەوییەکی نیشتەجێبوون و ٢٢ملیۆن دینـاری عیراقی قەرەبووکراونەتەوە . بەپێی ماسـتەرپلان و فرەوانبوونی شـاری دهۆك و قەزای سـێمێل ئەوە دەچنـەوە ناو یەکترو تێکەڵ بەیەکتر دەبن، بەڵام شاری دهۆك هەر دهۆك دەبێت و قەزای سـێمێلیش هەروەکو خـۆی دەبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی تێکەڵبوون و کەوتوونەتـە ناو یەك ماسـتەرپلانەوە و کارو پـرۆژەش زیاتربوون بۆیـە دەبێت لە لایـەن ئیدارەی پارێـزگای دهۆکەوە زیاتر گرنگی بە سێمێل بدات و بودجەی زیاتر بۆ جێبەجێکردنی کارو پرۆژەی خزمەتگوزاری تەرخان بکرێت، کە لە ئاسـتی پێداویستی و داواکاری خەڵکەکە دابێت.

### چاککردنی ڕێگاو شەقامەکان

قایمقامی سێمێل سـەبارەت بەگرنگترین پێداویسـتیەکانی قەزاکەیان وتی: ماوەی کابینەی حەوتەم کەمـە بۆیە دەبێت کارو پـرۆژەکان بەخێرایەکـی زۆر و ئەکتیڤ ئەنجام بدرێت،، ئێمە وەکو قەزای سـێمێل لەم ماوە کورتەدا داخوازی زۆرو پێویستمان هەیـە، لەو داخوازیە سـەرەکیانەی کە بە ئەولەویەتـی کارو پرۆژەکانـی دەزانیـن کە بۆ قەزاکە جێبەجـێ بکرێت ئەمانەن: درووستکردن و چاککردنی ڕێگاوبانەکانی دەرەوە و ناوخـۆ بەتایبەتـی شـەقام و

**لە ساڵانی رابردوو بڕێکی زۆر گەنم بەرهەمهاتووە. لەبەر ئەمە پێویستە سایلۆیەکمان بۆ دروست بکرێت**

کۆڵانەکانی ناو سـەنتەری قەزاو ناحیەو کۆمەڵگاکان و سنووری هەر(٧)شارەوانی سـنوورەکە، چونکە ئێسـتاکە ئەم لایەنە یەکێکـە لـە کێشـەو کەموکوڕییەکانی قەزاو هەر هەموو سـنوورەکە، هەر چەندە ئێسـتاکە ڕێگای نێوان دهۆك و باتێل بە بڕی زیاتر لە٤٠ملیار دینار بۆ تەرخانکراوە و ئەو پرۆژەیە قۆناغێکی باشـی بڕیوە، هەروەها درووستکردنی چەند قوتابخانەیەك لە سـەنتەری قەزاو ناحیەو کۆمەڵگاکان و گوندەکانی سنوورەکە کە بە درووستکردنی ئەو قوتابخانانە رزگارمان دەبێت لە سـێ

**کێشەی گەورەمان قیرتاوکردنی کۆڵان و شەقامەکان و نەبوونی ئاوەڕۆیە**

دەوامــی و دەتوانرێت ســتەمی تازەی پەروەردە باشــتر پەیڕەوبکرێت و لەلایەکی تر زۆربەی گوندەکانی سنوورەکە بینایەی قوتابخانەکانیان کۆن و ســەرەتاین، بۆیە بە بەرنامە و پلانێکی ســاڵانە پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە یا درووســتکردنی بینایەی تازەو هاوچەرخ هەیــە، هەروەها کارێکی تر کــە زۆر پێویســتە و بــە گرنگترین و ئەولەویەتریــن کارو پــڕۆژەی دەزانین بۆ ســنووری قەزای ســێمێل تاپۆکردنی خانووی کۆمەڵگاکانی سنووررەکەیە بەسەر خاوەنەکانیاندا، لەبــەر ئەوەی خاوەنی ئەو خانووانــە تا خانووەکانیــان نەبێتە مووڵك و تاپۆیان لەبەردەســتی خۆیــان نەبێت لە دڵەڕاوکێدا دەبــن. هەر چەندە لە کابینەی ٦دا زۆر کۆبوونەوەو لیژنە بۆ ئەو مەبەستە پێکهێنرا، بەڵام هیچ سوودیان نەبوو نەتوانرا ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت.

**خراپی و کۆنی تۆڕی دابەشکردنی ئاویخواردنەوە**

ســەبارەت بــە کارو پــڕۆژە و کێشــەو گرفتەکانی ئاویخواردنەوە قایمقامی قەزای ســێمێل وتی: پڕۆژەی گەورەو ستراتیژی ئاویخواردنەوەی شــاری دهۆکیش هەر لە سێمێلەوە ڕاکێشراوە، بەڵام لە هەندێ شوێن و گەڕەکی ناو ســەنتەری قەزا و ناحیەو کۆمەڵگاکانی ســنوورەکە بە هۆی خراپی و کۆنی تۆڕی دابەشکردنی ئاویخواردنەوە تووشــی کەمئــاوی دەبــن و ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتــەوە کە بۆڕیەکان لە هەندێ جێگادا دەشکێن، بۆیە تۆڕی دابەشکردنی ئاویخواردنەوە لە ســنووری قەزای سێمێل لە هەندێ شــوێن و گەڕەکدا پێویســتی بەگۆڕین و نۆژەنکردنەوە هەیە.

**داواکارین کابینەی ٧ی حکومەت خەمێکی جیدی لە پڕۆژەی ئاوەڕۆ بخوات**

ســەبارەت بە ئاوەڕۆ لەســەنتەری قەزاکە قایمقامی ســێمێل وتی: یەکێك لەو کێشەو کەموکوڕیانەی لە سەنتەری قەزاو ناحیەو سنوورەکە هەیە کەمی یا نەبوونی ئاوەڕۆیە بۆیە ئــەو پڕۆژەیەش بە کارو ئیشــێکی گرنگ دادەنێین کە لایەنی پێوەندار بیخەنە بەرنامەو جێبەجی بکــەن بەتایبەتی لەناو ســەنتەری قەزاکەدا و لێــرەدا داواکارین کابینەی ٧ی حکومەتی هەرێم خەمێکی جیدی لە کارو پــڕۆژەی ئاوەڕۆ بخۆن و کاری لەســەر بکەن، چونکە بەم پڕۆژەیە پاکوخاوێنــی و ڕووی شارســتانییەتی شارۆچکەکە بە جوانی دەردەکەوێت.

**لە زۆربەی گوندەکانی سنوورەکە بینایەی قوتابخانەکانیان کۆن و سەرەتاین، بۆیە پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە**

**لەبنکە تەندروستیەکان کەموکوڕی هەیە**

سەبارەت بە بواری تەندروستیش قایمقامی قەزای سێمێل وتی: ئێمە لە ناو سەنتەری قــەزاو ناحیــەو کۆمەڵگاو ســنوورەکەدا چەند بنکەیەکی تەندروســتیمان هەیە، لەم بنکانــەدا کەموکوڕی هەیــە بە تایبەتی لە کەمی پزیشــك و ئامێــردا بە تایبەتی نەبوونــی پزیشــکی پســپۆڕ و ئافرەتان









## سوودمان لە کاری وەزارەتەکان وەرگرتووە، بەڵام سوودەکە کەمە و ڕای ئێمەش لەسەر جۆری پرۆژەکان وەرناگیرێت.

و ئێمە لەمبارەوە بەهۆی نزیکیمان لە دهۆکەوە زەرەرمانکردووە، بەڵام لە پلان و بەرنامەی ٢٠١٢نەخۆشخانەیەکی گەورە بۆ قەزای سێمێل پەسندکرا و زەویش لە سنووری شارەوانی تەناهی بۆ دابینکراوە. لەبارەی ئەوەی کە هاووڵاتیان گلەییان لە نۆرینگەی پزیشکانی کەرتی تایبەت و دەرمانخانەکان هەیە، ئێمە لە بارەی دەرمانخانەکان پەیوەندیمان بە سەندیکای پێوەندار کردووە بەدواداچوونمان ئەنجامداوەو بەردەوامیش دەبین.

سەبارەت بە گلەیی هەندێك هاووڵاتی لەسەر خاوێنکردنەوەی ناو سەنتەری قەزاو ناحیەکان و کۆمەڵگاکان قایمقامی قەزای سێمێل وتی: سستەمە کۆنەکەی پاککردنەوەی زبڵ و خاشاك گۆڕدراوە بە سستەمی تازەو پاککردنەوە و گوازتنەوەی زبڵوخاشاك بە کۆمپانیاو کەرتی تایبەت دراوە و ڕۆژانە بەکارو ئیشی خۆیان هەڵدەستن و کارگەی ڕیسایکلینیش بۆ خۆ ڕزگارکردن لە زبڵوخاشاکەکە لە ناوچەی پیشەسازی (کاشێ) دامەزراوە، بەڵام لەبارەی پاکوخاوێنی ناو شارو گەڕەکەکان دەبێت هاووڵاتیان زیاتر هاوکاربن و ڕێنماییەکانی پاکوخاوێنی و پاراستنی ژینگە لەبەر چاو بگرن، بەڵام لە لایەنی بەخێوکردنی مەڕوماڵات لە ناو سنووری شارەوانیەکانی سێمێل یەکێکە لە کێشەکان و هۆکاری پیسبوون و بڵاوبوونەوەی بۆنی ناخۆش و مێش و مەگەزن لە ناو گەڕەك و شوێنەکاندا و ماوەیەکیشە لە هەوڵی ئەوە داین بە هاوکاری هەموو لایەنە پێوەندارەکان ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین .

### دابەزینی دەسەڵاتە ئیداریی و داراییەکان

سەبارەت بە دابەزاندنی دەسەڵاتی ئیداری و داراییی قایمقامی قەزای سێمێل وتی: لە کابینەی ١٦ بڕیاردرا کە دەسەڵاتی کارگێڕی بۆ یەکە ئیدارییەکانی قەزاو ناحیەکان بێتە خوارەوە لەپاشان دەرکەوت ئەو بڕیارە تەنیا نووسراوێك و قسەبوو و هیچ دەسەڵاتێکمان نەدیت بۆمان بێتە خوارەوە، بەڵام لێرەدا داواکارین لە حکومەت و کابینەی تازە بۆ خێراکردنی کارو پرۆژەکان و کەمبوونەوەی ڕۆتین دەسەڵاتەکانی دارایی و کارگێڕیی بە پێی پێویست دابەزێتە خوارەوە بۆ ئەوەی بتوانین زیاتر و باشتر و خێراتر خزمەت بە خەڵك و ناوچەکان بکەین.

## تۆڕی دابەشکردنی ئاویخواردنەوە لە هەندێ گەڕەکدا پێویستی بەگۆڕین و نۆژەنکردنەوە هەیە

### یانەی وەرزشی سێمێل

سەبارەت بە وەرزش و یانەی سێمێل قایمقامی قەزای سێمێل وتی: لە لایەنی وەرزشەوە گرنگی بە سنوورەکەو وەرزشوانان دراوە و یاریگایەکی هاوچەرخ و بەرفەوانمان بۆ دروستکراوە و چەند یاریگەیەکی بچووکیش هەیە، بەڵام پێویستیمان بە یاریگای زیاتر هەیە و ئەو ساڵ یانەی سێمێل توانی بگاتە ڕیزی یانەی پلەی نایابەکان و داواکارین لەلایەنی پێوەندار باشترو زۆرتر هاوکاری یانەی وەرزشی سێمێل و لاوانی سنووری قەزاکە بکرێت .

لەکۆتایدا قایمقامی قەزای سێمێل وتی: فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی دهۆك کە دەکەوێتە سنووری قەزای سێمێل بەیەکێك لەو کارو پرۆژەو دەسکەوتانە دادەنرێت کە گرەوتینێکی ئابووری و گەشتیاری و کۆمەڵایەتی بە سنوورەکەو هەموو کوردستان دەگەیەنێت، هەروەها لەبەرنامەدایە گەراجی فیتەرو ئۆتۆمبێلەکان و پاسەکان کە هاووڵاتی گلەییەکی زۆریان کردووە ڕێك بخرێتەوەو جیا بکرێتەوە لە دەرەوەی شارۆچکەکە شوێنێکی گونجاو بۆ خاوەن کارو پیشەوەرەکان تەرخان بکەین . هەروەها ئێمە لە کارو پرۆژەکانی پەرەپێدانی پارێزگا زیاتر سوود وەردەگرین، چونکە لە ئەولەویەت و کارو پرۆژەکان ڕاوبۆچوونمان وەردەگیرێت، نالێین سوودمان لە کاری وەزارەتەکان وەرنەگرتووە، بەڵام سوودەکە کەمە و ڕای ئێمەش لەسەر جۆری پرۆژەکان وەرنا گیرێت.



